# له بژی و بڕوخێوه بۆ براکوژیی ..!

له گەرمەی(بابژیی و با بڕوخێکه )ی دوای ڕۆژانی شۆڕشی 14 ی گەلاوێژی ساڵی1958 )دا، دارو بەرد سوور هەڵگەڕابوون..واته بە دەردیی شاروتەنی چۆلەکەپاسارییەکانیش بووبوون بە شیوعی وئەمەش پڕاوپڕئەکاتە ساڵانی 1968 ـ 1969 )ئیتردوای ئەوەوردە وردە پارتی بەرامبەربەشیوعی جموجۆڵی دەستپێکردو ململانێی نێوانیان سەریهەڵدا، بەلاَم لەڕاستیدا ئەو ململانێیەکەمجار خوێن لە لووتی ئەموئەوی تیاهاتووەئەویش ئەو پەڕی بۆکسی ئاسن وبەدەگمەن خەنجەری تیادا هاوێژراوە، واتەهیچ لایەکیان نەبوونە هۆی ئەوەی لەو ڕۆژگارەدا خوانە خواستە شەڕی برا کوژیی تیا درووست بکەن....لە گەرمەی ئەوناکۆکیەدا لەگوندێکی( 200 )ماڵیدا پیاوێکی قۆزودەنگخۆش هەبووبەناوی (شێخ ح )هەر ئەو بەتەنها پارتی بوو.ئافرەتێکی بێوەژنی تەڕوپڕی شەلەولەویش شێت و شەیدای ئەم پیاوە بوو بوو..هەموو جارێ بە چەقەنەیەک ژوانێکیان ئەنایەوەو یەک دوو ترەقەیان تیادا ئەتەقاند .جارێکیان لەیەکێک لەژوانەکانیانا خەڵکی گوندو خۆیان بۆ ئەنێنەوەو نزیکەی 50 کەسێک بە خەنجەرو تێلاَو و دارو بەردەوە پەلاماریی ئەدەن و بەناو گوندەکەدا ڕاویی ئەنێنن و ئەویش لەبەر حەیاو حورمەتی خۆی لە پێشیانەوە ڕائەکات و بەدەم ڕاکردنیشەوە ڕووئەکاتە ئەو خەڵکەیتر کە تەماشای ئەکەن و لەسەر کەللەی سەر ئەقیرێنێت( بەخوا بیشمکوژن هەر پارتیم )..ئەوەی لێرەدا بەسەرکرایەوە لوتکەی نارێکی وناتەبایی هەردوو لایەنە سیاسیەکەی ئەو سەردەمەی کورد ( پارتی و شیوعی )بوو کەوەکو وتم فیشەکێکی تیا نەتەقییوە..ئێستاش دوای چەندان ساڵی پڕ لە سیاسەتبازی سەرئەنجام کوردیان تووشی ڕەگی گولیی ئەو شەڕی براکوژییە کردووە دوای چەندان پەیمانی ستراتیژیی و سوێندی گەورەخواردن هێشتا کورد خۆی لە خۆی ئەپرسێت بلێی ئەو شەڕی براکوژییە کۆتایی پێهاتبێ ..؟! کەواتە کتومت هەقی خۆیەتی وهێشتا کات درەنگیشەبە نەقیزەکەی لالۆم هەچە لەوانە بکەم کوردیان تووشی ئەم دڵەڕاوکێە کردووەو وایانلێکردووە لە قۆناغی تاریک و ڕوونی ژیانیدا بە گومانەوە بژێت ..

**جەنابی موفەتیش**